پەیامی قیبلە

زنجیرەی
١

پوختەی ڕۆژووی ڕەمەزان

پەیامی ڕەمەزان

د.عومەر عەلی
٢٠١٨

زنجیرە (١)

پوختەی
ڕۆژووی ڕەمەزان

پەیامی ڕەمەزان (ڤیبلە)

د. عومەر عەلی
٢٠١٨

پەیامی قیبلە

ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: پوختەی ڕۆژووی ڕەمەزان (پەیامی ڕەمەزان)

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (   )ی ساڵی (   )ی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونتوب إليه، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد ألا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه وسلم تسليما كثيرا.

فأوصيكُمْ عبادَ اللهِ، بتقوَى اللهِ تعالَى والعملِ بمَا جاءَ فِي كتابِهِ ، قالَ اللهُ تعالَى:

]يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْس وَاحِدَة وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا[النساء: ١.

[يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ، ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون] ال عمران ١٠٢.

[يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا،يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا] الأحزاب: ٧٠-٧١ .

ئـەم نامیلکـەی کـە لـە بەردەسـتاندایە بریتیـە لـە چەنـد ووتارێـك کـە دەسـتپێدەکات لـە پێش ڕەمـەزان و خـۆ ئامادەکـردن بـۆی تـا ڕەمـەزان و ئـەو عیبادەتانـەی کـە لەنـاو ڕەمەزانـدا هەیـە تـا کۆتایـی ڕەمـەزان و گرنگـی کۆمەڵـە کارێـك لـە دوای ڕەمـەزان و بەردەوامـی لەسـەر، چونکـە ئاشـکرایە مانگـی ڕەمـەزان و خـۆ حازرکـردن بـۆی پێـش هاتنـی و شـەوانی قـەدرو چۆنێتـی هەسـتان بـۆ جـەژن و شـەش ڕۆژی دوای مانگـی ڕەمـەزان هەمـوو سـاڵێك دووبـارە دەبنـەوە، ئـەم نامیلکـەش بـە ووتـاری جیـا جیـا بـاس و خواسـتی هەموویانـی بـە پلـە پلـە تێدایـە، بـە ئومێـدی سـود وەرگرتـن لێیـان، داواکارم لـە خـوای گـەورە لێمانـی وەرگرێـت، هـەر هەڵـەو کەموکوڕیـەك بەرچاوکـەوت ئـەوە بێگومـان لـە منەوەیـەو چونکـە پەیامـی پاکـی ئیسـلام بـێ کەموکوڕیـە، والسـلام علیکـم ورحمـة اللـە.

پێش ڕەمەزان

باس کردنی زۆر شت بەتایبەت دینیەکان زۆرجار پێویست بە وردەکاری ناکات لەبەر زۆر دووبارە بوونەوەیان، بەڵام وەك بە بیرهێنانەوەیەك ئاماژە بە چەند شتێك دەدەین لە سەر ڕەمەزان بە بۆنەی نزیك بوونەوەی ئەو مانگە پیرۆزەوە، وە خوای گەورەش دەفەرمووێ {وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنْفَعُ الْمُؤْمِنِينَ}[1]. ئاشکرایە گرتنی مانگی ڕەمەزان یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئیسلام وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە لە وەڵامی چەند پرسیارێك کە کابرایەکی دەشتەکی لە پێغەمبەری کرد درودی خوای لێ بێت{فقال أخبرني ما فرض الله علي من الصيام فقال شهر رمضان}[2] کابرای دەشتەکی ووتی ئاگادارم بکە کە خوای گەورە چی لەسەر فەرز کردووم لە ڕۆژو، پێغەمبەریش درودی خوای لێ بێت فەرمووی مانگی ڕەمەزان. وە ئیسلامەتی هیچ کەس تەواو نابێت ئەگەر باوەڕی پێی نەبێت. وە دەبێت بیشی گرێت مەگەر عوزرێکی هەبێت بەشێوەیەکی وا کە لە شەرعدا ڕێگە پێدراو بێت وەك: نەخۆشی، سەفەر، شیردەر، حامل، وە هەموو ئەمانەش بێگومان بۆ کەسانی گەورە واتە (بالغ) وە هەروەها ژیرە (عاقل) چونکە مرۆڤی منداڵ و شێت و خەوتوو ئەرکی شەرعیان لەسەر نیەو بوراون لەلایەن خوای گەورەوە تا ئەو باردودۆخەی تێیدایە لادەچێت، وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە

١ سورەتی الذاريان ئایەتی ٥٥
٢ بوخاری ڕیوایەتی کردووە

{عن النبي صلى الله عليه وسلم قال رفع القلم عن ثلاث عن النائم حتى يستيقظ وعن الصغير حتى يكبر وعن المجنون حتى يعقل أو يفيق}[3] وە ئەمەش پێوەرێکە بۆ هەموو کاریکی تری شەرعی. جا مادام هەموو شەرتەکانمان تێدا بوو دەبێت هەستین بە جێ بەجێ کردنی. مانگی ڕەمەزان یەکێکە لە هەرە مانگە گرنگەکان، چونکە قورئانی پیرۆزی تێدا هاتۆتە خوارەوە وەك خوای گەورە دەفەرمووێ { شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ } [4] وە هەروەها شەوی پیرۆزو بەفەڕی تێدایە وەك بە القدر ناوبراوە تێیدا ئەو هەموو خێرو پاداشتە دەست دەکەوێت وەك دەفەرمووێ { لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ } [5] لەسەرمان فەرز دەبێت گرتنی ئەم مانگە لەیەکەم ڕۆژیەوە تا کۆتایی مانگەکە وەك خوای گەورە دەفەرمووێ { فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ } [6] گرتنی ڕۆژوو کە بە صوم ناوبراوە واتە خۆگرتنەوە دەکرێت خۆگرتنەوە چەندەها جۆری هەبێت بەڵام لێرەدا بە واتایی خۆگرتنەوە لە: خواردن و خواردنەوەو جیماع دێت لەگەڵ هەبوونی نیەتدا [7]. جێگەی نیەتیش دڵە لەبەر ئەوە گرنگ نیە ئەگەر بەدەم نەوتراو نابێت بکرێتە بیانوی ڕۆژوو شکاندن مادام لە دڵدا نیەتەکە هەبوو بێت. پێویستە لەسەرمان هەر لە

٣ ابی داود ڕیوایەتی کردووە
٤ سورەتی البقرة ئایەتی ١٨٥
٥ سورەتی القدر ئایەتی ٣
٦ سورەتی البقرة ئایەتی ١٨٥
٧ بڕوانە كفاية الاخيار لاپەڕە ٢٣٨

ئێستاوە ئامادەکاری بکەین بۆ بەدەمەوە چوونی ئەم مانگە پیرۆزە بەشێوەیکی ڕێك و پێك و تەواوی وە دوعاش بکەین نەمرین مادام ئەم مانگە نزیك بووەتەوە تا لە خێری ئەم مانگە بێ بەش نەبین و بە خۆداچوونەوەیەکی خۆمانی تێدا بکەین و نیەتمان پاك بکەینەوەو تەوبەی تێدا بکەین لە هەر تاوان و کەمتەرخەمیەك کە کردبێتمان لە ڕابووردودا. پەیمان بدەین جارێکی تر نەگەڕێینەوە سەری و وە بە هێزێکی پڕ باوەڕو ئەوپەڕی توانامانەوە بەڵێن بدەینە خوای گەورە کە کار بۆ ئیسلام بکەین و هەموو هەوڵمان بەردەوام لەگەڕدا بێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله، کارەکانمان لەو چوارچێوەدا بێت کە ئەو داینـاوە، بە ئومێدی ڕەزامەندی خوای گەورە، چونکە ڕەزامەندی ئەوە دەتوانێت خۆشبەختمان بکات لە دونیاو دوارۆژدا.

ڕۆژووی مانگـی ڕەمـەزان

[٨]{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تتقون}
مانگـی ڕەمـەزان مانگـی لێخۆشـبوون و بەخۆداچوونـەوەو تەوبەکـردن و چاکـە کردنـە، مانگێکـی پیـرۆزەو گەورەتریـن کار تێیـدا ڕوویـداوە کـە ئەویش هاتنـە خـوارەوەی قورئانـی پیـرۆزە، ئـەو قورئانـەی کـە خـوای گـەورە کـردی بـە دواهەمیـن کتێـب بـۆ هەمـوو مرۆڤایەتـی تـا ڕۆژی دوایـی، ئـەو قورئانـەی کـە مایـەی دڵخۆشـی و شـانازی هەمـوو مسـوڵمانێکەو هـۆی ڕێنموونـی و تەحـەدای هەمـوو لایەکـە. ئـەو مانگـی ڕەمەزانـەی کـە هەمـوو مسـوڵمانان بەیـەك دەنـگ و بەیـەك جـۆر تێیـدا بـەڕۆژوو دەبـن لـە سەرانسـەری جیهانـدا. باسـکردن لـە پیـرۆزی و تایبەتمەندیەکانـی ئـەم مانگـە زۆرن لێـرەدا بەجێـی دەهێڵیـن و دەڕۆینـە نـاو چۆنێتـی ڕۆژوو گرتنـەوەو ئـەو کارانـەی کـە پەیوەندیـان بـەم کـرداره پیـرۆزو بـە بەرەکەتـەوە هەیـە.

تایبەتمەندی ڕۆژوو

ڕۆژووی مانگـی ڕەمـەزان وەك هـەر کردارێکـی تـری ئاینـی کۆمەڵێـك تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە. هەمـوو مسـوڵمانێك پێویسـتە لەسـەری کـە بەرچـاو ڕوونیەکـی لەسـەر ئـەم مانگـەو وە چۆنێتـی ڕۆژوو گرتـن

٨ سورەتی البقرة ئایەتی ١٨٣

هەبێـت بـۆ ئـەوەی کارەکانـی بـە پێـی ئـەوە بێـت کـە خـوای گـەورە داوای کـردووە. ڕۆژووی مانگـی ڕەمـەزان یەکێکـە لـە پێنـج پایەکانـی ئیسـلام وەك لـە فەرمـوودەی (بنـی الاسـلام علـی خمـس)[9] دا هاتـووە وە باسـی ڕۆژووشـی تێـدا کـردووە. وە کۆمەڵـی زانایانیـش هـاوڕان لەسـەر واجبێتـی گرتنـی ئـەم مانگـە[10].

ڕۆژوو

ڕۆژوو لـە زمانەوانیـدا واتـە: خـۆ گرتنـەوە وەك خـوای گـەورە دەفەرمـووی لەباسـی مەریەمـدا سـەلامی خـوای لـێ بێـت {انـی نـذرت للرحمـن صومـا}[11] بـەڵام ڕۆژوو گرتنەکـەی مەریـەم سـەلامی خـوای لـێ بێـت بـە قسـە نەکـردن بـوو، لێـرەدا مەبەسـت ووشـەی (صـوم) کـە بەواتـای لـە خـۆ گرتنـەوە دێـت لـە شـەرعدا یانـی لـە خـۆ گرتنەوەیەکـی تایبـەت لـە کەسـێکی تایبـەت لـە کاتێکـی تایبەتـدا بـە مـەرج. وەڕۆژوو واجـب بـووە بـە پێـی قورئـان وفەرمـوودەو کـۆڕەوی زانایـان، وە کاتەکەشـی بـە بینینـی مانگـە لـە ڕەمەزانـدا وەك دەفەرمـووێ {فَمَـنْ شَـهِدَ مِنْكُـمُ الشَّـهْرَ فَلْيَصُمْـهُ} [12]

---

٩ بوخاری ڕیوایەتی کردووە
١٠ بڕوانە كفاية الاخيار لاپەڕە ٢٣٨
١١ سورەتی مريم ئایەتی ٢٦
١٢ سورەتی البقرة ئایەتی ١٨٥

مەرجەکانی واجب بوونی ڕۆژوو

سێ مەرج هەیە بۆ واجب بوونی ڕۆژوو:
١- ئیسلام واتە بێ باوەڕ ڕۆژووی لەسەر واجب نیە ئەمە کارێکە پەیوەندی بە مسوڵمانەوە هەیە ئەگەر بێ باوەڕ ڕۆژووش بگرێت بۆی حسێب ناکرێت وە هیچ پاداشتێکی لەسەر وەرناگرێت، چونکە مسوڵمان کە ڕۆژوو دەگرێت لەبەر خوا دەیگرێت، بەڵام بێ باوەڕ لەبەر چ! ئەگەر بیشی گرێت بۆ مەرامێکی دونیایە وەك خۆ لاواز کردن، یان هەر هۆکارێکی تری دونیایی کە لە تەرازووی خوای گەورەدا هیچ قورسیەکی نی یە.
٢- گەورە (بالغ) واتە لەسەر منداڵ واجب نیە ئەمەش مانای وانی یە منداڵ بۆی نیە بیگرێت وەیان پاداشتی لەسەر وەرناگرێت بێگومان نەخێر، باشتر وایە منداڵانیش لەسەر ئەم کردارە پیرۆزە ڕابهێنرێت بۆ ئەوەی کە گەورە بوو لەسەری ئاسان بێت، هەروەها خوای گەورە بۆشی حسێب دەکات وەهەموو کردەوەیەکی چاکی تر مادام لەبەر خوای گەورەو بۆ ڕاهێنان بێت لەسەر چاکەکاری، وە خەیری ئەوەش دەگات کە ئەو ڕاهێنانەی پێ دەکات، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت زۆر جار زۆرکەس بەهەڵەدا دەچن لەسەر ئەم خاڵە واتە بالغ بوون، بالغ بوونی شەرعی ئەوەیە ئەگەر ئافرەت بوو سەرەتای کەوتنە حەیزەوەیە وە پیاویش ئیحتیلام بوون، ئیتر هەر شتێکی تر کە بۆ منداڵ بوون دیاری کراوە لەهەر قانون و دین و کەلتورێکی تردا پێوەر نیە بۆ ئەم کارە، بۆ نمونە لە ئەوروپادا تا

تەمەنـی ١٨ سـاڵ هـەر بـە منـداڵ دادەنرێـت وە دەكرێـت لەتەمەنـی ١٨ سـاڵیدا چ كـچ وە كـوڕ چەنـد سـاڵێك بەسـەر بالـغ بوونیـدا تێپـەڕ بـوو بێـت.
٣- ژیـری (العقـل) ژیـری پێویسـتە هەبێـت بـۆ ئـەوەی بزانێـت چ دەكات، شـێت هیـچ تەكلیفێكـی شـەرعی لەسـەر نیـە وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـووێ {عـن النبـي صلـى اللـه عليـه وسلـم قـال رفـع القلـم عـن ثـلاث عـن النائـم حتـى يسـتيقظ وعـن الصغـير حتـى يكـبر وعـن المجنـون حتـى يعقـل أو يفيـق}[١٣] لـە پێغەمبـەرەوە درودی خـوای لـێ بێـت هاتـووە، دەفەرمـووێ قەڵەمـی تـاوان لەسـەر سـێ كۆمـەڵ لابـراوە خەوتـوو تـا هەڵدەسـتێت، منـداڵ تـا گـەورە دەبێـت، شـێت تـا ژیـر دەبێـت یـان چـاك دەبێتـەوە. كەواتـە كەسـێك ڕۆژووی لەسـەر واجبـە كـە مسـوڵمان و گـەورەو ژیـر بێـت.

فـەرزەكـانـی ڕۆژوو

فەرزەكانی ڕۆژوو پێنجن:
١- نیـەت هێنانـە، نیـەت هێنانیش تەنهـا دڵ بەسـە بـۆ كردنـی ئـەم كارە وە جێگـەی ڕاسـتەقینەی نیـەت دڵـە، زۆر بەداخـەوە هێشـتا زۆر كـەس ناتوانێـت ئەمـە هـەزم بـكات و هـەر نكۆڵـی لێـدەكات و وە زۆر پێداگـرە لەسـەر ووتنـی بـەدەم، لێـرەدا ئێمـە قسـەمان لەسـەر ئـەوە نیـە كـە ووتنـی بـەدەم ڕەوا نیـە، بەڵكـو ئاسـاییە بـەڵام ئەگـەر بـە ووتـەش نەوتـرا

١٣ ابی داود ڕیوایەتی كردووە

زۆر ئاسـاییە مـادام نیەتەکـە هەبـوو بێـت لـە دڵـدا. هـەر کردارێـك کـە دەکرێـت بـێ گومـان خـوای گـەورە ئـاگادارە بـە نیەتەکـەت خـۆ ئەگـەر بـە ووتـە بڵێـی خوایـە مـن بەیانـی بـەڕۆژوو دەبـم لەبـەر تـۆ بـەڵام لـە دڵتـا ئـەوەت مەبەسـت نەبـوو بێگومـان خـوای گـەورە سـەیری دڵ دەکات، وەك لـە فەرمـوودەی پێغەمبەریشـدا هاتـووە کـە خـوای گـەورە نـە سـەیری جەسـتە نـە شـێوەو ڕوخسـارمان دەکات بەڵکـو سـەیری دڵ و کردەوەمـان دەکات، وە دڵ گرنگیەکـی ئەوتـۆی هەیـە لـە شـەرعدا، جـا دەبێـت نیەتمـان هەبێـت بـۆ کردنـی ئـەم کارە لـە کاتـی خۆیـدا ئەویـش پێـش سـبەینانە وە دەکرێـت هـەر لەسـەرەتایی مانگـەوە نیەتمـان هەبێـت بـۆ کردنـی ئـەم کارە پیـرۆزە ئەویـش هـەر بـە بوونـی ئـەو کارە لـە دڵمانـدا.

٢- خـۆ گرتنـەوە لـە خـواردن و ٣- خواردنـەوە، نابێـت بـە هیـچ شـێوەیەك خـواردن و خواردنـەوە لـە ڕۆژی ڕەمەزانـدا بخورێـت بـە خواردنـی یـان خواردنـەوەی هـەر شـتێك ئەگـەر کـەم وەیـان بچوکیـش بێـت ڕۆژووەکـەی پـێ دەشـکێت و دروسـت نابێـت مەگـەر لەبیـری نەبێـت کـە بـە ڕۆژووە، جـا ئەگـەر لـە بیـری نەبـوو وە شـتێکی خـوارد زیـان بـە ڕۆژووەکـەی نـاگات چونکـە ویسـتی ئـەوە نەبـووە ڕۆژووەکـەی بشـکێنێ، وەك لـە فەرموودەیەکـدا هاتـووە {مـن نسـی وهـو صائـم فـاكل أو شرب فليتـم صومـه فانمـا أطعمـه اللـه وسـقاه} [١٤] واتـە ئەگـەر یەکێـك لـە بیـری چـوو کـە بـەڕۆژووە شـتی خـوارد وەیـان خواردیـەوە بـا بـەردەوام بێـت لەسـەر ڕۆژووەکـەی ئـەوە خـوای گـەورە خـواردن یـان خواردنـەوەی

١٤ بوخاری ڕیوایەتی کردووە

پێـداوه. بەڕاسـتی ئەمـە واقعێتـی ئیسـلام جێگیـر دەکات. ئەگـەر شـتیك کـە دەسـتەڵاتی تیـا نەبێـت ڕۆژوو ناشـکێنی وەك دوكەڵـی کارگـەو تەپوتـۆزو ئـەو شـتانە، بـەڵام دوكەڵـی جگـەرەی جگەرەکێـش ڕۆژووەکـەی دەشـکێنی چونکـە بـە ئارەزووی خـۆی بـووە نـەك ناچـاری.
٤- کاری جـووت بـوون (الجماع) ڕۆژانـی ڕەمـەزان کاتـی خـوا پەرستیەو نابێـت کاری جـووت بونـی تێـدا ئەنجام بدرێـت، وە ئەگـەر ئـەو کارە کـرا ڕۆژووەکـە دەشـکێ و وە کافەرەتیشـی دەکەوێتەسـەر ئەویـش ئـازاد کردنـی بەندەیەکـە، گـەر نەبـوو دوومانـگ لەسـەر یـەك بـە ڕۆژوو بوونـە، ئەگـەر نەتوانـرا دانـی خواردنـە بـە ٦٠ هـەژارو کـەم دەرامـەت.
وە هـەر کارێکـی تـر بـۆ خـۆ ڕەحـەت کـردن بـۆ نمونـە بەدەسـت ..تـاد ڕۆژوەکـە دەشـکێنێ. وە ئەگـەر لـە بیـرت چـوو کـە بـە ڕۆژووی هەمـان حوکمـی خـواردن و خواردنـەوەی هەیـە واتـە ناشـکی خـوای گـەورە زاناتـرە[١٥].
٥- خـۆ ڕشـانەوە بـە زۆر دەبێـت ئـاگاداری لـێ بکرێـت و بـەزۆر خـۆت نەڕشـێنیتەوە. وە هەروەهـا زانینـی ڕۆژ چ لـە سـەرەتاوە وەیـان لـە کۆتاییـەوە، دەبێـت ئـاگاداری ئـەوە بکرێـت کـە خـۆت بگریتـەوە لـە هەمـوو ئـەو شـتانە پێـش ڕۆژ هەڵاتـن تـا ڕۆژئـاوا بـوون خـۆ ئەگـەر بەکەمێکیـش بێـت ڕۆژووەکـە دروسـت نابێـت یانـی بـە هەڵاتنـی ڕۆژ وەیـان بـە ئـاوا نەبوونـی.

١٥ بڕوانە كفاية الاخيار لاپەڕە ٢٤٠

ئەو شتانەی کە ڕۆژوو دەشکێنن

ئەوشتانەی کە ڕۆژوو دەشکێنن ١١ شتن:
١-هەرشتێك بە ئەنقەستی بگاتە بۆشایی زگی مرۆڤ واتە مەعیدەی.
٢-هەرشتێك بە ئەنقەست بڕواتە ناو بۆشایی سەر وەك لووت و گوێ.
٣-شت خستنە ناو بۆشایی دواوە یان پێشەوە، وەك دەرمان و ئەو جۆرە شتانە، وە هەروەها پەنجە تێنانیش دەگرێتەوە.
٤-خۆ ڕشانەوە بە ئەنقەست، بەڵام ئەگەر بۆخۆی ڕشایەوە ناشکێ.
٥-کاری جووت بوون.
٦-خۆ ڕەحەت کردن چ خۆی بۆ خۆی بێت یان کەسێکی تر بێت.
٧-خوێنی حەیز ئافرەت، واتە سوڕی مانگانە.
٨-خوێنی نیفاس ئەو خوێنەی دوایی منداڵ بوون دێت.
٩-شێت بوون، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت.
١٠-هەڵگەڕانەوە لە دین خوا پەنامان بدات)).[١٦]
١١- نیەت گۆڕین، وەك یەکێ بڵێ ڕۆژوەکەم دەشکێنم یان پاش کەمێکی تر دەیشکێنم یان با بزانم چۆن دەبێت. لەم جۆرە قسانە وە هۆی شکاندنی بە نیەتگۆڕین با هیچیشی نەخواردبێ هەر دەشکێ. جا دەبێت متمانەی تەواو ببێت بە خۆو ئەو جۆرە دوودڵیانە دروست نەکات لە خۆیدا، تا هەر لەسەر یەقین بێت.

١٦ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٢٤١

هەندێك ئادابی باش دەربارەی ڕۆژوو لەڕەمەزاندا

کارێکی باشە ڕۆژووەوان ئاگای لەم ڕەوشتانە بێت لە ڕۆژوودا

١-پارشـێوکردن، کارێکـی باشـەو بکرێـت، بـەڵام تاوانـی نیـە ئەگـەر نەشـکرێت، کردنـی باشـەو سـونەتی پێغەمبـەرە وەك دەفەرمـووێ {تسـحروا فـاءن السـحور برکـة}[17] واتـە پارشـێو بکـەن چونکـە بەرەکەتـی تیایـە وە هـۆی بەرەکەتەکەشـی ئەوەیـە ڕۆژووەوان بەهێـز دەکات))[18]

٢-پەلەکـردن لـە ڕۆژوو شـکاندندا هەرکـە دڵنیـا بوویـت کـە ڕۆژ ئـاوا بـووە، وە هەروەهـا هـەوڵ بدرێـت کـە بـە چەنـد دەنکـە خورمایەکـی تـەڕ ڕۆژووەکـە بشـکێنرێت، وەگـەر نەبـوو بـە ئـاو.

٣-دوعـاو پاڕانـەوە لەکاتـی بەربانگـدا پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمووێ {ثلاثـة لاتـرد دعوتهـم الصائـم حتـی یفطـر، والامـام العـادل، والمظلـوم}[19] واتـە سـێ کـەس یـان کۆمـەڵ خـوای گـەورە داواکانیـان ناگەڕێنێتـەوە، یەکەمیـان ڕۆژووەوان، دووەمیـان سـەرۆکێکی عـادل وە سـێهەمیان کەسـێکی سـتەم لێکـراو.

٤-خۆگرتنـەوە لـە هەمـوو شـتێکی پـڕو پـوچ وەك زەمـی خەڵـك کـردن و باسـی ئـەم وئـەو، کات کوشـتن بەشـتی بـێ بەهـاوە، چونکـە ئـەم مانگـە مانگێکـە فرسـەتێکی زێڕینـە بـۆ عیبـادەت کـردن و کۆکردنـەوەی زەخیـرە بـۆ دواڕۆژ وە هەرکارێـك لـەم ڕۆژانـەدا دەکرێـت بێگومـان خێـری

---

١٧ بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە

١٨ بڕوانە فقه السنة السید سابق ج١ لاپەڕە٤١٩

١٩ هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٢١

زیاتـره لـه لـه ڕۆژانـی تـر. پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـووێ {رب صائـم لیـس لـه مـن صیامـه الا الجـوع}[20] واتـه ڕۆژووەوانـی وا هەیـه جگـه لـه برسـێتی هیچـی بـۆ نامێنێتـەوە.

٥- سـیواك کردن٦-قورئـان خوێنـدن، و ئامادەبوونـی کـۆڕی زیکـرو یادکردنـی خـوا، خـۆ مەشغوڵ کـردن بـه تێگەیشـتنمان لە ئیسـلام زیاتر، وە ئێسـتە بـە هـۆی ئـەم تەکنەلۆجیـای لـە بەردەسـتماندایە دەتوانیـن زیاتـر سـودمەندبین ئـەو هەمـوو سـایتە هەیـە کـە کاری ئیسـلامی بڵاو دەکاتـەوە سـایتی واهەیـە بـە هەزارەهـا ووتـارو دەرسـی تێدایـە جگـە لـەو هەمـوو کتێـب و وتارانـەی کـە بـەردەوام دادەبـەزن و ئالاتـی تـری وەك سـیدی و کەناڵـی ئیسـلامی جیـاوازو هەتـا موبایلەکانیشـمان.

٧-هەوڵدانـی زیاتـر لـە دە ڕۆژی کۆتایـی مانگـی ڕەمەزانـدا کـە شـەوی بـە فەریشـی تـێ دەکەویـت (القـدر) پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت خـۆی گرنگیەکـی زۆری بـەم ڕۆژانـە داوە لەگـەڵ عائیلەکانیـدا وەك دەفەرمـووێ {کان اذا دخـل العـشر الاواخـر احـي الليـل، وايقـظ اهلـه، وشـد المئـزر}[21]

٢٠ النسائي و ابن ماجه و الحاكم ڕیوایەتیان کردووە وە حەدیسێکی سەحیحە لەسەر ئەو شەرتانەی کە ئیمانی بخای دایناوە

٢١ بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە لە دایکە عائیشەوە

ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژووی تێدا دروست نی یە

پێنج ڕۆژ هەن کە دروست نیە ڕۆژوویان تێدا بگیرێت هەردوو جەژنەکەو وە سێ ڕۆژی دوایی جەژنی قوربان، وە ڕۆژووی بە گومانیش دروست نیە کە بە یەومولشك ناسراوە، ئەوەیە کە ڕوون نیە ئایە ڕەمەزانە یان نە، تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبیت کە خویان گرتووە بەڕۆژووەوە وە ئەو ڕۆژەش دەکەوێتە ئەو کاتەی کە خوی پێوە گیراوە بۆ نمونە کەسێك عادەتی وایە هەموو ڕۆژی دووشەممەو پێنج شەممەیەك بە ڕۆژوو بێت وە ڕۆژی یەومولشکیش بکەوێتە دووشەممە یان پێنج شەممەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەو کەسەی وەك خو کە سونەتە ئەم ڕۆژە دەگرێت نیەتی ڕەمەزانی لێ ناهێنێ.

کێ دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت

ئەوکەسانەی کە لە سەفەردان سەفەرێکی دوورو درێژ بۆیان هەیە بۆ ڕۆژوو نەبن وە کاتێکی تر بیگرنەوە چونکە دین ئاسانەو ئاسانکاری پێخۆشە لە پێناو خۆشگوزەرانی مرۆڤەکاندا، کەسێك کە نەخۆش بێت چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ پاراستنی مرۆڤەکانە هەرکات ئەو جەستە کەوتەوە مەترسیەوە شەرع ڕێگەی داوە بە دواخستنی ڕۆژوو داوە تا کاتێك چاك دەبێتەوە، کەسێك کە زۆر پیر بووەو توانی ڕۆژووی نەماوە دەتوانێت

بـۆ هـەر ڕۆژێـك کەفارەتەکـەی دەدات، ئەوکەسـانەی کـە دووگیانـن وەیـان شـیر دەرن دەتوانـن بـەڕۆژوو نەبـن لـە دواتـر بیگرنـەوە، لێـرەدا جیاوازیـەك هەیـە لـەوەی ئەگـەر ئافرەتەکـە لـە خـۆی ترسـا لـە ڕۆژوو شـکاندنەکەی تەنهـا ڕۆژووەکـە دەگرێتـەوە وەئەگـەر لـە منداڵەکـەی ترسـا ئەوکاتـە ڕۆژوو وەهـەم کەفارەتیشـی دەکەوێتـە سـەر))[22]
تەنهـا ئـەم فەرمـوودە بەسـە بـۆ دڵخۆشـیمان بـە گرتنـی مانگـی ڕەمـەزان و گرتنـی شـەوی قـەدر
{عـن النبـي صـلى اللـه عليـه وسـلم قـال مـن قـام ليلـة القـدر إيمانـا واحتسـابا غفـر لـه مـا تقـدم مـن ذنبـه ومـن صـام رمضـان إيمانـا واحتسـابا غفـر لـه مـا تقـدم مـن ذنبـه}[23] ئـەوەی شـەوی قـەدر بکاتـەوە بـە عیبـادەت خـوای گـەورە لـە هەمـوو گوناهەکانـی ڕابـووردووی خـۆش دەبێـت وەهەروەهـا ڕۆژووی مانگـی ڕەمەزانیـش.
دەبێـت ئـەوە بزانیـن کـە چـواردە جـۆر ڕۆژوومـان هەیـە هەشـتیان لـە قورئانـدا بـاس کـراوە وە شەشیشـیان لـە سـونەتدا))[24]، ئێمـە تەنهـا باسـی ڕۆژووی مانگـی ڕەمەزانمـان کـرد.

---

٢٢ بڕوانە كفاية الاخيار لاپەڕە ٢٤٧
٢٣ بوخاری ڕیوایەتی کردووە
٢٤ بڕوانە تحفة الفقهاء لعلاء الدين السمرقندي ج١ لاپەڕە٣٤١

هەوڵێکی کەم پاداشتێکی زۆر (شەوانی قەدر)

بێگومـان کـەس نیە لـە ئێمـە کـە تاوانـی نەکردبێـت و پێویسـتمان بـە بەزەیـی و لێخۆشـبون و پاداشـتی خـوای گـەورە نەبێـت. شـەوی قـەدر کـە لـە کۆتایـی مانگـی ڕەمەزاندایـە ئـەو هەمـوو خێـرەی تێـدا دەسـت دەکەوێـت بەڕاسـتی هەلـەو گرنگـە ئـەم هەلـە بقۆزینـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو پاداشـتە گەورەیـە، بـە ئومێـدی دەسـت کەوتنـی ئـەو پاداشـتە گەورەیـەو لێخۆشـبونی تاوانەکانمـان زۆر پێویسـتمان بـەم جـۆرە هەلانـە دەبێـت و زۆر گرنگـە کـە نەهێڵیـن لەدەسـتمان دەربچێـت. بـۆ تێگەشـتن لـە شـەوی قـەدر کـە سـورەتێکی قورئانـی بەناوەوەیـە پێمان خۆشـە بچینـە خزمەتـی ئـەو سـورەتەو لێکدانـەوەی ئـەو شـەوە چونکـە قسـەی زۆر هەیـە لەسـەر ئـەم شـەوە چ شـەوێکە؟ چونکـە بەشـێوەیەکی گشـتی مسـوڵمانان نایانەوێـت ئـەم شـەوەیان لەدەسـت بچـێ وەلەهەمـان کاتـدا دەیانەوێـت هـەر یـەك شـەو دانیشـن و ئـەو پاداشـتە گەورەیـان دەسـت بکەوێـت یانـی بەکەمتریـن کات زۆرتریـن پاداشـتیان دەسـت بکەوێـت!.

یەکـەم ئایەتـی سـورەتی قـەدر دوای بسـم اللـه الرحمـن الرحیـم { إِنَّـا أَنْزَلْنَـاهُ فِي لَيْلَـةِ الْقَـدْرِ } واتـە ئێمـە قورئانمـان دابەزاندووەتـە خـوارەوە لـە شـەوی بـە فـەڕدا لـە تەفسیری الجلالیـن دا هاتـووەو دەڵـێ: لـەم شـەوەدا هەمـوو قورئـان بـە یەکجـار لـە اللـوح المحفوظـەوە دابەزیـوە بـۆ ئاسـمانی دونیـا. کۆمەڵێـك ئایـەت و فەرمـوودە لەبـارەی دابەزینـی قورئانـەوە ئەدوێـن کورتەکـەی ئەوەیـە کـە قورئـان لەشـەوی قـەدردا لـە

مانگی ڕەمەزاندا هاتۆتە ئاسمانی دونیا وە دواتر بە گوێرەی پێویست و هۆکارەکان لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا هەمووی دابەزیووە بۆ سەر پێغەمبەرمان درودو سڵاوی خوای لێ بێت. دوا بەدوای ئەوە دەفەرموێ {وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ} ئەم ئایەتەش ڕونکەرەوەیەکە بۆ ئایەتەکەی پێشوو، وە هەر خوای گەورە خۆی دەفەرمووێ کە ئەو شەوە بەفەڕە چی یە ڕوونی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەر وە لە پێغەمبەرەوە بۆ دوای خۆی هەروەها. هۆی ناوهێنانی ئەم شەوە بە قەدر ئەوەیە وەك لە تەفسیری القرطبی دا هاتووە لەم شەوەدا خوای گەورە ئەندازەی ساڵی داهاتوو دەکێشێ لە دانی ڕزق و ڕۆزی و مردن و ئەجەل. لێرەدا دێتە سەر باسکردنی ئەم شەوە پیرۆزە وەك دەفەرموێ {لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ} شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ، مەبەست چاکترە لە هەزار مانگ خیرو پاداشتەکەیەتی ئەو کارو کردەوە خێرانەی کە لەم شەوە بەفەڕەدا دەکریت چاکترە لە هەزار مانگ. لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا لە تەفسیری ابن کثیردا هاتووە (أَنَّ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْه وَسَلَّمَ ذَكَرَ رَجُلًا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيل لَبِسَ السِّلَاح فِي سَبِيل اللَّه أَلْف شَهْر قَالَ فَعَجِبَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ ذَلِكَ قَالَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ « إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْر لَيْلَةُ الْقَدْر خَيْرٌ مِنْ أَلْف شَهْر » الَّتِي لَبِسَ ذَلِكَ الرَّجُل السِّلَاح فِي سَبِيل اللَّه أَلْف شَهْر . وَقَالَ اِبْن جَرِير حَدَّثَنَا اِبْن حُمَيْد حَدَّثَنَا حَكَّام بْن مُسْلِم عَنْ الْمُثَنَّى بْن الصَّبَّاح عَنْ مُجَاهِد قَالَ كَانَ فِي بَنِي إِسْرَائِيل رَجُل يَقُوم اللَّيْل حَتَّى يُصْبِح ثُمَّ يُجَاهِد الْعَدُوّ بِالنَّهَارِ حَتَّى يُمْسِي فَفَعَلَ ذَلِكَ أَلْف شَهْر

فَأَنْـزَلَ اللَّـه هَـذه الْآيَـة» لَيْلَـة الْقَـدْر خَـيرْ مـنْ أَلْـف شَـهْر « قِيَـام تلْـكَ اللَّيْلَـة خَـيرْ مـنْ عَمَـل ذَلـكَ الرَّجُـل) پیاوێـك هەبـوو لـە بەنـی ئیسـلائیل کـە هـەزار مانـگ چەکـی لەخـۆ کردبـوو لـە پێنـاوی خـوادا دەجەنـگا وە مسـوڵمانەکان زۆر سەرسـامی ئـەم کابـرا بـوون یانـی وەك بڵێـی چ پاداشـتێکی هەبێـت ئـەم هـەوڵ و تێکۆشـانە و وەچـۆن ئـەو پاداشـتە دەسـت بکەوێـت. خـوای گـەورە ئـەم ئایەتـەی دابەزانـد کـە زینـدوو کردنـەوەی ئـەم شـەوە بـۆ پەرسـتش لـە پێنـاو خـوادا ئـەو پاداشـتەی دەبیـت {تَنَـزَّلُ الْمَلَائِكَـةُ وَالـرُّوحُ فِيهَـا بِـإِذْنِ رَبِّهِـمْ مِـنْ كُلِّ أَمْـر} هـۆی گرنگـی ئـەم شـەوە لـەم ئایەتـەدا دەردەکەوێـت کـە فریشـتەی تێـدا دادەبەزێـت بـە ئیزنـی خـوا کـە بڕیـاری هەمـوو شـتێکی ئـەو سـاڵی داهاتـووی پـێ یـە لـە مـردن و ژیـان و ڕزق و ڕۆزی وەك لـە ئایەتـی دووهەمـدا ئاماژەمـان پـێ کـرد، کۆتـای ئایەتەکـە دەفەرمـوێ {سَـلَامٌ هِـيَ حَتَّـى مَطْلَـعِ الْفَجْـر} ئارامـی و خۆشـی تـا بەرەبەیـان.

لەڕاسـتی دا لـە زۆر لـە سـەرچاوەکان ئامـاژە بـۆ شـەوانیك هەیـە وەك شـەوی بیسـت و حـەوت و تاکـەکان، بـەڵام گرنگتریـن و باشـترین ئەوەیە کـە لـە دە شـەوی کۆتـای ڕەمەزاندایـە ئـەم دوو فەرمـوودەی خـوارەوە بـە نمونە.

(کان رسـول اللـه صـلی اللـه علیـه وسـلم یعتکـف العـشر الأواخـر مـن رمضـان) واتـە پیغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دە شـەوی کۆتایـی ڕەمـەزان لـە مزگـەوت دەمـاوە.

(أن النبـي صـلی اللـه علیـه وسـلم کان یعتکـف العـشر الأواخـر مـن رمضـان حتـی توفـاه اللـه ثـم اعتکـف أزواجـه مـن بعـده) هەمـان مانـای

فەرموودەکـەی تـری هەیـە وە خێزانەکانیشـی دوای ئـەو هــەر بـەو شـێوەیان کـردووە. جـا بـۆ بەدەسـت خسـتنی ئـەو خیـرو پاداشـتە گەورەیـە گرنگـە ئـەو شـەوانە بـە عیبـادەت بکەینـەوە بـۆ مسـۆگەری کردنــی ئــەو خیــرە گەورەیــە، گــەر دە شــەوی کۆتایــی ڕەمەزانمــان کـردەوە زیاتـر لەوەمـان دەسـت دەکەوێت هـەم خێـری قەدرەکـەو وە هـەم عیبـادەت کردنەکانمـان لـە شـەوەکانی تـری غەیـری قـەدردا. گرنگـی قـەدر بەهـۆی دابەزاندنـی قورئانەوەیـە کـە گرنگـە مرۆڤـەکان بـە ئاگابـن لەهـۆکاری دابەزاندنـی و چۆنیەتـی دابەزاندنـی.

دابەزینی قورئانی پیرۆز

خـوای پـەروەردگار قورئانـی پیـرۆزی بـۆ سـەر پێغەمبـەر درودو سـەلامی خـوای لـێ بـێ دابەزانـدووە بـۆ ڕێنموونـی کردنـی هەمـوو مرۆڤایەتـی ... شـێوەی ئـەو دابەزینـەش بـە دوو جـۆر بـووە:

یەکەم: دابەزاندنی هەموو قورئان لە بيت العزەوە بۆ ئاسمانی دنیا.

دووەم: دابەزاندنــی لــە ئاســمانی دنیــاوە بــۆ پێغەمبــەر درودو ســەلامی خــوای لــێ بێــت، کــە بەشــێوەی بــەش بــەش و لــە مــاوەی ٢٣ ســاڵدا بــووە، واتــە بــە پێچەوانــەی کتێبــە ئاســمانیەکانی تــر. هەمــوو کتێبــە ئاســمانییەکان ســەرچاوەیان یەکــە، لــە بیروبــاوەڕدا (العقیــدە)دا یەکباسـن، بـەڵام لـە یاسـاو ڕێسـایان (تەشریعـات) دا جیـاوازن.

دابەزینی قورئانی پیرۆز بەیەکجار

خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : (شهر رمضان الذی انزل فیه القرآن هدی للناس وبینات من الهدی ولفرقان) البقره /١٨٤ واتە مانگی ڕەمەزان (ئەو مانگەیە) کە قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە، لە کاتێکدا ئەم قورئانە ڕێنموونی بەخشە بە خەڵکی و بەڵگەی زۆری تێدایە. هەروەها: (انا انزلناه فی لیلة القدر) القدر/١ واتە ئێمە بەڕاستی قورئانمان دابەزاندۆتە خوارەوە لە شەوێکی بە فەڕو ڕێزداردا. هەروەها: (انا انزلناه فی لیلة مبارکة) الدخان/٣ واتە بەڕاستی ئێمە لە شەوێکی بە فەڕو پیرۆزدا (کە شەوی قەدرە) دامانبەزاندووەتە خوارەوە.ئەم سێ مانایەش جیاوازیان نییە، هەموو هەر باسی دابەزینەکانی قورئان ئەکەن ، شەوی قەدرو شەوە پیرۆزەکە هەریەکن، ئیبنو عەبباس و هەندێکی تر لە ئەسحاب و تابعین - خوا لێیان ڕازی بێت - ئەفەرمون: مەبەست لە دابەزینی قورئان لەو سێ ئایەتەدا ئەو هاتنە خوارەوەیەتی لە بیت العزەوە بۆ ئاسمانی دنیا، کە ئیتر بە پێی ڕوداوو پێویستی زەمانی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لێ بێ دەهاتە خوارەوە، تەبەری لە ئیبنو عەبباسەوە ڕیوایە تی کردووە کە فەرموویەتی : (انزل القران فی لیلة القدر فی شهر رمضان الی سماء الدنیا جملة واحدة ثم انزل نجوما) واتە قورئان لە شەوی قەدردا هاتۆتە خوارەوە بۆ ئاسمانی دنیا ئینجا دواتر بەش بەش دەهاتە خوارەوە.

دابەزینی قورئانی پیرۆز بەشیوەی بەش بەش

خـوای گـەورە دەفەرمـوێ: (وانـە لتنزیـل رب العالمیـن. نـزل الـروح الامیـن. علـی قلبـك لتكـون مـن المنذریـن. بلسـان عربـی مبیـن) الشعراء/١٩٢-١٩٥ واتـە بەڕاستی ئەم قورئانـە لـە لایـەن پـەروەردگاری هەمـوو جیهانەكانـەوە ڕەوانـە كـراوە. جوبرەئیلـی ئەمیـن (فریشـتەی وەحـی) دایبەزانـدووە. بـۆ سـەر دڵـی تـۆ ئـەی محمـد صلـی اللـە علیـە وسلم تـا بچێتـە ڕیـزی ئـەو كەسانەوە كـە خەڵكـی بێـدار دەكەنـەوە لـە خـەوی غەفڵـەت دایاندەچڵەكێنـن. بـە زمانـی عەرەبـی ڕوون و ئاشـكرا. هەروەهـا: (تنزیـل الكتـاب مـن اللـە العزیـز الحكیـم) الجاثیـة/٢ واتـە ئـەم قورئانـە لـە لایـەن خـوای بـاڵا دەسـت و دانـاوە هاتووەتـە خـوارەوە. هەروەهـا ئـەو ئایەتانـەی تریـش كـە لـەم بـارەوە هـەن، هەمـووی بـاس لـەوە دەكـەن كـە قورئـان بـە زمانـی عەرەبـی ڕەوان بـە جوبرەئیلـدا هاتۆتـە خـوارەوە بـۆ پێغەمبـەر درودو سـەلامی خـوای لـێ بێـت .. بـەڵام دابەزینـی ئایەتـەكان وەكـو یـەك نەبـوون ، جـاری وا هەبـووە سـورەتێك هەمـووی هاتۆتـە خـوارەوە، جـاری واش هەبـووە ٥ ئایـەت لـە سـورەتێك هاتۆتـە خـوارەوە، جـاری واش هەبـووە بـە گوێـرەی پێویسـت زیاتـر یـان كەمـتر بـووە .. بـەڵام كتێبەكانـی پێشـتر هەمـووی پێكـەوە دەهاتنـە خـوارەوە.وە دابەزینـی قورئـان بـەم شـێوەیە سـودی زۆری تیـا بـووە كـە سودەكەشـی قورئـان ڕوونیكردووەتـەوە بـەم شـێوەیە وەك دەفەرموێـت (وقـال الذیـن كفـرول لـولا نـزل علیـە القرآن جملة واحـدة كذالـك لنثبت بـە فـؤادك ورتلنـاه ترتیـلا) الفرقـان/٣٢ واتـە كافـرەكان (بیانوویەكـی

تریان گرت و) وتیان: بۆ قورئان بە یەك كەڕەت بۆی ڕەوانە ناكرێت، بێگومان ئێمە هەر بەو شێوەیە ڕەوانەی دەكەین، تادڵی تۆ زیاتر دڵنیا بكەین، بەردەوام بە جوانی دایدەڕێژین و دەیگەیەنین.

حیكمەتی دابەزینی قورئان بە شێوەی بەش بەش

١- بۆ دڵ قایم كردنی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لێ بێ وەكو خوای گەورە دەفەرموێ (لنثبت بە فؤادك) الفرقان/٣٢ واتە تادڵی تۆ زیاتر دڵنیا بكەین. ئەمەش لە ژیانی كۆمەڵكاری خەڵكیدا شتێكی هەست پێ كراوە، چونكە هەموو كۆمەڵێك هەوڵ دەدات بەردەوام هەر ماوەیەك جارێك كۆبوونەوە بە ئەندامەكانی بكات و شتی نوێیان بۆ باس بكات.

٢- بۆ بەربەرەكانێ و تەحەدا كردنی موعجیزەیەتی قورئان، چونكە قورئان بەردەوام ئەو داوای تەحەددایەی بۆ هاوەڵ دانەرو بێ باوەڕەكان تازە دەكردەوە پێی دەوتن: دە ئەگەر ڕاست دەكەن سورەتێك وەكو ئەوانەی قورئان بهێنن: (وان كنتم فی ریب مما نزلنا علی عبدنا فاتوا بسورة من مثله) البقرة/٢٣ واتە جا ئەگەر ئێوە لە دوو دڵیدان و گومانتان لەم (قورئانە پیرۆزە) هەیە كە دامانبەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان محمد صلی الله علیە وسلم ئەگەر بۆتان دەكرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سورەتێكی وەك ئەو بهێنن.ئەمەش داواكاریەكی بەردەوام بوو نەك هەر بۆ ئەو زەمانە بۆ دواترو بۆ زەمانی ئێستاو بۆ دواتریش، تا ڕۆژی دوایی.

٣- بۆ ئاسان تێگەیشتن و لەبەر کردن و چەسپاندنی، چونکە ئەگەر هەموو ئایەتەکانی بەجارێك بهاتایەتە خوارەوە، تێگەیشتن و لەبەر کرندن و وەرگرتنی بۆ هەموو لایەکیان ئاسان نەدەبوون: (هو الذی بعث فی الامیین رسولا منهم یتلو علیهم آیاته ویزکیهم ویعلمهم الکتاب والحکمة وان کانوا من قبل لفی ضلال مبین) الجمعة/٢ واتە هەر ئەو زاتەیە لە ناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لە خۆیان ڕەوانە کرد، ئایەتەکانی قورئانەکەی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوەو دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکرا و نادیاریان پوختە دەکات فێری قورئان و دانای و شەریعەتیان دەکات، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لە گومڕایی و سەر لێشێواویەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو.

٤- بۆ وەڵامی ڕووداوەکان و چارەسەری کێشەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە موسوڵمانە نوێکەی ئیسلام، بۆ نموونە ڕووداوی (ئیفك) کە بریتی بوو لە تۆمەتبار کردنی دایکە عائیشە خێزانی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لێ بێ - پەنا بەخوا- بە تۆمەتی زینا ! کە بووە مقۆ مقۆی ناو خەڵکی و مایەی ئازارو ژانێکی بەردەوام بۆ پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لێ بێ و ئەبو بەکری سددیقی باوکی عائیشەو بۆ عائیشە خۆی و بۆ هەموو موسوڵمانای تریش. تا الحمدالله ئایەتەکانی قورئان پاکی و بێ تاوانی دایکە عائیشەیان بۆ هەموو موسوڵمانان هێنایە خوارەوە کە تا ڕۆژی دوایی هەر دەخوێنرێن.

٥- وەکو وەڵامی پرسیاری خەڵکی، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : (یسالونك ماذا ینفقون) البقرة/٢١٥ واتە لە تۆ دەپرسن (ئەی

پێغەمبـەر صلـی للـه علیـه وسـلم) کـە چـی ببەخشـین و بەکێـی ببەخشین؟.(یسـالونك عـن الخمـر والمیـسر قـل فیهـما اثـم کـبر و منافـع للنـاس) البقـرة۲۱۹ واتـە پرسـیارت لێدەکـەن دەربـارەی عـەرەق و قومـار، پێیـان بڵـێ: لـەو دووانـە گوناهێکـی گـەورە هەیـە، هەرچەنـدە چەنـد سوودێکیشـیان تێدایـە بـۆ خەڵکانێـك، بێگومـان گوناهەکەیـان گەورەتـرە لـە کەڵـك و سـوودیان. وە لـەم جـۆرە پرسـیارانە زۆر دەبینیـن لـە قورئانـدا.

٦- بـۆ ئـەوەی بـۆ هەمـوان بسـەلمێت کـە ئـەم قورئانـە لەلایـەن خـوای گـەورەوە هاتـووە، ئەوەتـا ئـەو ئایەتانـەی لـە یەکەمیـن ساڵدا هاتوونەتـە خـوارەوە لەگـەڵ ئـەو ئایەتانـەی کـە لـە سـاڵی بیسـت و سـێیەمدا هاتوونەتـە خـوارەوە هەموویـان پێکـەوە سـازاو گونجـاون، چونکـە لـە لایـەن خـواوە هاتـوون، وەك دەفەرمـوێ : (ولـو کان مـن عنـد غیـر اللـه لوجـدو فیـە اختلافـا کثیـرا) النسـاء/۸۲ واتـە خـۆ ئەگـەر لـە لایـەن کەسێکی تـرەوە بوایـە جگـە لـە خـوا بێگومـان جیـاوازی و دژایەتیەکـی زۆریـان تێـدا دەدۆزیـەوە.

قورئانـی پیـرۆز ئابەوشـێوەیە بـۆ ئـەو کۆمەڵگـە موسـوڵمانە دەهاتـە خـوارەوە، تـا هەموویانـی ئـاوا پتـەو پـەروەردە کـردو کردنـی بـەو نـەوە تایبەتـەی ئیسـلام لـە مێـژووی ژیانـی هـە مـوو مرۆڤایەتیـدا.

بە ڕاستی ڕاستە کە شاعیر وتوویە تی:

ئەگەر ئەتەوێ زانیاری جیهان   قورئان بکەرە بەرنامەی ژیان

یادە ئاینیەکان یادی خوا پەرستین

لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا کە دوو جەژنی تێدایە. هەردوو جەژنەکە دوای دووکاری زۆر گرنگ دێن ئەویش مانگی پڕ بەرەکەتی ڕەمەزان و حەجی ماڵی خوایە. ئەوەی گرنگەو دەبێت بیزانرێت ئەم دوو جەژنە دەربڕینی خۆشی و شادیە بەهۆی ئەو دوو کارە پیرۆزەوە، یەکێکیان ڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزانە کە دوای هیلاکیەکی زۆر دێت لە ڕۆژوو بوون و تەراویح و شەونوێژو قورئان خوێندن، جا بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی مسوڵمانان بە هاتنی جەژن دڵخۆش بن پێی و وە خۆشی خۆیانی تێدا دەرببڕن بە جۆرێك کە زیادە ڕۆی تێدا نەکرێت. ئەویش لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە موەفەقی کردوون ئەو هەموو کارە خێرەی تێدا ئەنجام بدەن. هەروەها جەژنی قوربان کە دوای بەجێهێنانی فەریزەی حەجە کە ئەویش دوای ماندوو بونێکی زۆر دێت ئەویش بە وەستان لە کێوی عەرەفەو بڕینی ئەو ڕێگا دوورە لە کێوی عەرەفەوە بۆ موزدەلیفەو دواتر بۆ مینا، جگە لەو پاڵە پەستۆو قەرەباڵغیەی کە هەیە مەگەر یەکێك حەجی کردبێت بزانێت چۆنە. جا جێگەی خۆیەتی کە ئەو ڕۆژە دێت خۆشیەکی بۆ بکات بەهۆی ئەنجام دانی حەجەکەیەوەو وە پاك بوونەوەی تاوانەکانی کە هەموو مسوڵمانێك ئاواتەخوازن بۆی. ئەوەی زۆر گرنگ و جێگەی خۆیەتی بیانزانین ئەم دوو بۆنە پیرۆزن چونکە دوای دووکاری پیرۆز دێت کەوا بوو ئەم دوو بۆنە یادی خوا پەرستین و سوپاسکردنیەتی. نەك هەرچی ڕێسە شیان

بکەیتـەوە ئەویـش بەهـۆی سـەرپێچی فەرمانەکانـی خـوای گـەورەوە.
زۆر جێگـەی نیگەرانیـە مسـوڵمان هەڵسـێت بـە بەجێهێنانـی ئـەم دووکارە گرنگـە بەهەڵپەڕکـێ و گۆرانـی ناشـەرعی و تێکـەڵاوی یـادی بکاتـەوە؟! چـۆن دەکرێـت یادێك کـە دینـی بێـت و پیـرۆزی تێـدا بێـت، بەسـەرپێچی ئـەو یـادە ڕابگیرێـت؟ ئـەو پرسـیارە دەبێـت هەریەکـە لـە ئێمـە بیانکەیـن لـە خۆمـان، نـەك بکەوینـە ژێـر کاریگـەری کۆمەڵانێـك کـە لـە ڕاسـتیدا جـەژن هـەر هـی ئـەوان نەبـووە چونکـە نـە ڕۆژوویـان تێـدا گرتـووەو وە نەحەجیـان کـردووەو نـە باوەڕیشـیان پێیەتـی بەڵکـو ئـەم جەژنـە وەك هەلێـك بـۆ خۆیـان دەقۆزنـەوەو مسوڵمانانیشـی پـێ تاوانبـار دەکـەن بەشـێوەیەکی وا بەڕۆشـتنی ئـەو دووکارە گرنگـە کـە ڕەمـەزان و حەجـە، وایـان لـێ بێـت وا بزانـن تـەواو ئیـتر ئـەوەی لەسـەریان بـووە بەجێیـان هێنـاوەو ئیـتر کاتـی ئـەوە هاتـووە بۆخۆیـان هەرچیـان پـێ خـۆش بێـت بیانکـەن، ئـەوە لەبیـر دەکـەن کـە خـوای ڕەمـەزان و کاتـی حـەج هـەر هەمـان خوایـە لـە ڕۆژی جـەژن و دوای جەژنیشـدا. گرنگـەو وە دەبێـت بۆنـە دینیـەکان وەك خۆیـان بـە پیـرۆزی و گـەورە ڕابگیرێـت نـەك بکرێتـە بۆنەیـەك هیـچ سـیمایەکی دینـی پێـوە دیـار نەبێـت بەنـاو دینیشـەوە؟! خۆزگـە مسـوڵمانان چاویـان بەخۆیانـدا دەخشـاندوو خوایـان لەخۆیـان نەدەڕەنجانـد بەهـۆی سـەرپێچیەوە

گرنگی گرتنی شەش ڕۆژ ڕۆژوو دوای رەمەزان

دوای بەدوای مانگی ڕەمەزان گەر خوای گەورە مۆفەقی کردی لەسەر گرتن و بەزیندوو ڕاگرتنی ئەو مانگە بە ڕۆژوو عیبادەت و قورئان خوێندن و تەراویح و زیندووکردنەوەی شەوانی قەدر ئەوا تۆ کەسێکیت لەو کەسانەی ژیان و ئایندەیەکی گەش چاوەڕانت دەکات و پێویستە دوعای وەرگرتنی بکەیت کارو کردەوەو ڕۆژووەکانمان مایەی ئەوە بوو بێت کە لە فەرموودەکەدا هاتووە (غفر لە ما تقدم من ذنبە) لە تاوانەکانی پێشوومان خۆش بوو بێت. زۆر گرنگە هەر کات هەر کارێکمان کرد لەبەر خوای گەورە دوای کارەکانمان داوا لە خوای گەورە بکەین خوای گەورە کارەکانمانی وەرگرتبێت. ئەوەتە باوە گەورەمان ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت وەك قورئان بۆمانی دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ [رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً لَكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ] بقرة ١٢٨ خۆ ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت تاوانی نەکردووە بەڵکو ئێمە فێر دەکات کە لەسەر ئەوە ڕابێین. نەوەك خوا نەخواست شتێکی وا تێکەڵی نیەتەکەمان بوو بێت بووبێتە مایەی ئەوەی کردەوەکانمان وەرنەگیراو بێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستە بخرێتە ڕوو ڕۆژوو گرتنی شەش ڕۆژە لە شەوال بەگرتنی ئەو شەش ڕۆژە خێری ساڵێکی تەواومان بۆ دەستەبەر دەکات ئەمەش هەروەك شەوانی قەدر چۆن ئەو خێرە زۆرەی تێدا دەست دەکەوێت بەم شەش ڕۆژەش خێرێکی زۆرمان دەست دەکەوێت بەگرتنی مانگی ڕەمەزان

خێـری دە مانـگ ڕۆژووی هەیـە چونکـە هـەر ڕۆژێـك بەرانبـەر دە ڕۆژە کـە ئەویـش دەکاتـە دە مانـگ وە شـەش ڕۆژی شـەوالیش هـەر ڕۆژەو بـە قـەدەر دە ڕۆژ ئەویـش دەکاتـە دوو مانـگ واتـە سـاڵێکی تـەواوی پڕ کـردەوە، چونکـە هـەر کردەوەیەکـی چاکـە زیـاد دەکات بـۆ دە، وە بەڵکـو بـۆ زیاتریـش ئەگـەر خـوای گـەورە فەرمانـی لەسـەر هەبێـت. جـا کەوابـوو جێگـەی خۆیەتـی نەهێڵیـن ئـەم شـەش ڕۆژەشـمان لەدەسـت دەربچـی بـۆ ئـەوەی خێـری سـاڵێکی تەواومـان دەسـت بکەوێـت. وە ئـەو ئافرەتانـەش کـە چەنـد ڕۆژێکیـان خـواردووە بەهـۆی عـوزری شـەرعیەوە دەتوانـن قەرزەکانیـان بگرنـەوەو دواتـر شـەش ڕۆژەکـەش بگـرن وەگـەر نەشـیان توانـی هـەر دەتوانـن شـەش ڕۆژی شـەوال بگـرن وە دواتـر قەرزەکانیـان بگرنـەوە. شـایەنی ووتنیشـە زۆرێـك وا دەزانـن ئەگـەر یەکـەم ڕۆژی دوای جەژنـی نەگـرت ئیـتر ناتوانێـت ڕۆژەکانـی تـر بگرێـت بەڕاسـتی نازانیـن ئـەوە لـە کوێـوە هاتـووە. بەڵکـو ئاسـاییە هـەر شـەش ڕۆژ لـە دوای ڕەمـەزان گیـرا ان شـاء اللـە دەچێتـە چـوار چێـوەی فەرمووده‌کـەوە وەك دەفەرمـوێ [مَـنْ صَـامَ رَمَضَـانَ ثُـمَّ أَتْبَعَـهُ سِـتًّا مِـنْ شَـوَّالٍ كَانَ كَصِيَـام الدَّهْـر . ′ رواه مسـلم] لـە فەرموودەکەتـا هیـچ ئاماژەیـەك نییـە بـۆ ئـەو تایبەتـی کردنـە.

الحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات

پێڕست

پێش ڕەمەزان-- ٥
ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان-- ٨
تایبەتمەندی ڕۆژوو-- ٨
ڕۆژوو--- ٩
مەرجەکانی واجب بوونی ڕۆژوو---------------------------------------١٠
فەرزەکانی ڕۆژوو--١١
ئەو شتانەی کە ڕۆژوو دەشکێنن---------------------------------------١٤
هەندێك ئادابی باش لە دەربارەی ڕۆژوو لە ڕەمەزاندا---------------------١٥
ئەو ڕۆژانەی کە ڕۆژووی تێدا دروست نی یە-------------------------- ١٧
کێ دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت--- ١٧
هەوڵێکی کەم پاداشتێکی زۆر (شەوانی قەدر) ------------------------- ١٩
دابەزینی قورئانی پیرۆز--٢٢
دابەزینی قورئانی پیرۆز بەیەکجار-----------------------------------٢٣
دابەزینی قورئانی پیرۆز بەشیوەی بەش بەش-------------------------٢٤
حیکمەتی دابەزینی قورئان بە شێوەی بەش بەش-----------------------٢٥
یادە ئاینیەکان یادی خوا پەرستین------------------------------------- ٢٨
گرنگی گرتنی شەش ڕۆژ ڕۆژوو دوای رەمەزان-------------------------- ٣٠

ئەم نامیلكەی لەبەردەستاندایە بریتیە لە چەند ووتارێك كە دەستپێدەكات لە پێش ڕەمەزان و خۆ ئامادەكردن بۆی تا ڕەمەزان و ئەو عیبادەتانەی كە لەناو ڕەمەزاندا هەیە تا كۆتایی ڕەمەزان و گرنگی كۆمەڵە كارێك لە دوای ڕەمەزان و بەردەوامی لەسەر، چونكە ئاشكرایە مانگی ڕەمەزان و خۆ حازركردن بۆی پێش هاتنی و شەوانی قەدرو چۆنێتی هەستان بۆ جەژن و شەش ڕۆژی دوای مانگی ڕەمەزان هەموو ساڵێك دووبارە دەبنەوە، ئەم نامیلكەش بە ووتاری جیا جیا باس و خواستی هەموویانی بە پلە پلە تێدایە، بە ئومێدی سود وەرگرتن لێیان

پوختەی ڕۆژووی ڕەمەزان

پەیامی ڕەمەزان

د.عومەر عەلی
٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6
9 781684 541676